# ئەوروپا لە نێوان دوو شێتدا

ن: خەلیل محەممەدی



لێرە کە باس لە شێت دەکرێت بە واتا دەروون تێکچوویی و کرداری ناباوی کۆمەڵایەتی و هەڵسووکەوتی دوور لە ئاوەز و عەقل نایەت بەڵکوو بە واتا سیاسیەکەی دێت کە کرداری دوای قسە و بەڵێنی بکەرێک و کەسایەتی و سیسەتەمێکی سیاسی ڕوون و دیار نیە و ئەگەری ڕووداني هەر کردەوەیەک لە ئارادایە کە لە هەندێ کاتی وەک هەڵبژاردنەکان یان لە کاتی شەڕە ڕاگەیاندنیەکان، هەندێک بەڵێنی یان هەڕەشە دەکەن و بۆ بردنە سەری بەڵێنی یان هەڕەشەکانیان دەبێ کات تێپەڕێت تاکوو ڕوون ببێتەوە کە چەندە لە گەڵ بەڵێنی و هەڕەشەکانیاندا ڕاستگۆن.

نموونەی شێتی سیاسی لە ئێستادا وەک کەسایەتییەکی سیاسەتمەدار دۆناڵد ترامپ سەرۆککۆماری ئامریکا و وەک سیستەمی سیاسی و فیکری، کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانین ناو بهێنین، لێرەش تەنیا مەبەست ئەو دوو نموونەیە کە باسی دەکەین، چوون لە ڕاستیدا ئەم دوو نموونەیە لە دنیای سیاسەتی ئەمڕۆدا وەک دوو نموونەی کەسایەتی و سیستەمی سیاسی شێت ناو دەبردرێن.



هەر لە کاتی خۆ کاندید کردنی ترامپ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئامریکا، نازناوی سیاستمەدارە شێتەکەی بۆ دانرا، ئەویش بە هۆی ئەو بەڵێنیە سەیر و سەمرانەوە بوو کە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا باسی دەکرد و بەڵێنی بە گەلی ئەمریکا دەدا کە ئەو ئامریکا دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزی یەکەمی جیهان یان زۆرێک لە پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان بە جێدەهێڵێت و لێیان دێتە دەرەوە چوون لە بەرژەوەندی ئامریکا و بەهێزهێشتنەوەیدا نیە.

بە هەمان شێوە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنیدا، هەڕەشە و بەڵێنیی شێتانەی زۆری بە گوێی خەڵکی ئێران و گەلانی ناوچەکە دەچڕاند کە کەس باوەڕی بەوە نەدەکرد کە هەڕەشە و درووشمە شێتانەکانی ڕۆژێک ڕەنگی کرداری ببینێت، یەکەم کاردانەوەی هەڕەشە شێتانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە لایەن سەرۆکێکی شێتی وەک سەدام حسێنەوە بوو کە هەشت ساڵ شەڕی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراقی بە دوای خۆیدا هێنا. ڕۆژێک کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ڕێگای قودس لە کەربەلاوە دەرباز دەبێت و دەچوات، کەس باوەڕی بەوە نەدەکرد کە ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق و سووریا ڕوویداوە و ئێران زۆر بە ئاسانی و بە پێش چاوی هەموو جیهانیان و تایبەت وڵاتی ئیسرائیلەوە لە تارانەوە سواری تروومبیل دەبن و لە عێراق و سووریا تێدەپەڕن و بارەگای سەربازی لە نێزیک سنوورەکانی وڵاتی ئیسرائیل دادەمەزرێنن و دەبنە هەڕەشەی جیدی بۆ سەر وڵاتی ئیسرائیل کە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی و هەر ڕۆژ درووشمی سڕینەوەی ئیسرائیلیان داوە. لەم دوو هەفتەی ڕابردوودا بینیمان کە سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی لە سووریا نێزیک بە بیست مووشەکی نا بە ناوچەی بەرزاییەکانی جەولان کە لە بن دەسەڵاتی وڵاتی ئیسرائیلە.

لە بەرامبەری بردنە سەری هەڕەشە و بەڵێنیە شێتانەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لە وڵاتی ئامریکا، دۆناڵد ترامپیش، هەندێک لەو بەڵێنانەی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە دەنگدەرانو لایەنگرانی خۆی داوە، بردوویەتە سەر، بینیمان کە لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ ژینگە هاتەدەرەوە کە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ هەوڵێکی جیهانی و نێونەتەوەیی هەبوو کە ئەو ڕێککەوتنە ئەنجام بدرێت و ببێت بە پەیماننامە و کارەساتە ژینگەییەکان لە ئاستی جیهاندا کۆنتڕۆڵ و کەم بکرێنەوە، بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە ئەو ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی ئامریکادا نییە هاتەدەرەوە لێی. چەندین بەڵێنیی تریشی داوە و هەموویانی جێبەجێ کردووە، یەکێک لە مەترسیدارترین بەڵێنیەکانی ئەوە بوو کە بەیتولموقەدەس بە فەرمی دەکاتە پایتەختی ئیسرائیل و سفارەتی ئامریکا دەگوازێتەوە بۆ ئەوێ، سەرەڕای نارەزایەتیی جیهانی و تایبەت وڵاتانی ئیسلامی، بەڵام ئەوەشی جێبەجێ کرد.

ئەوەی کە لێرە مەبەستمانە، چوونەدەرەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی ئەتوومی ئێرانە کە لە هەشتی مانگدا، بە بڕیاری ترامپ ئامریکا وەک یەکێک لە لایەنەکانی نێو ڕێککەوتنە ئەتوومیەکە کە پێک هاتبوو لە پێنج وڵاتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی لە گەڵ وڵاتی ئاڵمانیا، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا،



ترامپ هەمیشە ڕەخنەی لەو ڕێککەوتنە ئەتوومیە دەگرت کە ئامریکا و دەوڵەتی باراک ئۆباما، لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە نەرمیان نواندووە و ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی ئامریکادا نیە و گەر ببێت بە سەرۆککۆمار ئەو ڕێککەوتنە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەو ڕێککەوتنە دوای دوانزە ساڵ هەوڵی بەردەوام لە گەڵ ئێران، بەسترا و ئێران ناچار کرا کە دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵبگرێت و بەرنامەی ئەتوومیەکەی دابخات.

کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد (تایبەت کاربادەستانی کۆماری ئیسلامی)کە ترامپ لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە چوون بە بڕیارێکی شێتانەیان دەزانی، بەڵام دواجار ترامپ بەڵێنییەکەی خۆی بردە سەر، هەر سێ وڵاتی ئەرووپایی نێو ڕێککەوتنەکە و یەکێتی ئەوروپا، زۆر بە نیگەرانیەوە باسی بڕیارەکەی تارمپیان کرد و تووڕە بوون لە بڕیارەکەی دۆناڵد ترامپ کە لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکدا نابێت کە ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرێت، یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند کە ئەوان پابەند دەبن بە ڕێککەوتنەکە و لێی پاشگەز نابنەوە، بەڵام ترامپ وەرەقەیەکی تری وەک شمشێری دامۆکلێس لە سەر ئەوروپا و هەموو وڵاتانی تر ڕاگرتووە کە ئەویش گەڕاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێرانە کە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا بە دوو قۆناغ دەچێتە بوواری جێبەجێکردنی تەواوەوە، هەر دەوڵەت یان کۆمپانیا و بانک و تاکێک بیانەوێت لە گەڵ ئێران بکەونە مامەڵەوە، سزاکانی وەزارەتی خەزانەداریی ئامریکا دەیانگرێتەوە،

نموونەی مێژوویی سزاکانی ئامریکا لە سەر یەکێک لە بانکە گرینگەکانی جیهان، سزای بانکی ستانداردچارتری بریتانی بوو کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە سەر مامەڵە کردن لە گەڵ ئێران، بە بڕی ٦٧٠ میلیۆن دۆلار سزا درا.

گەرچی هەندێک بۆچوون لە ناوخۆی ئێرانەوە هەیە کە ئەوروپاییەکان بە هۆی ئەوەی کە بازاڕێکی گەورەی وەک ئێران لە دەست نەدەن زۆر پابەندی بڕیارەکان و سزاکانی ئامریکا نابن بەڵام دەبێ بووترێت کە ئەو بۆچوونە زۆر هەڵە، ئەوروپا ململانێ بازرگانی لە گەڵ ئامریکا ناکات لە سەر بازاڕی ئێران کە بازاڕی ئامریکا بدۆڕێنێت، دواجار ئامریکا بازاڕی ناوەندی و ناوەندی تیجارەتی جیهانی و بانکی جیهانیە کە هیچ کۆمپانیا و بانکێک ناتوانێت دەرەوەی یاساکانی ئەوان و دژ بە بڕیارەکانی ئەوان بجووڵێتەوە کە ڕاستەوخۆ لە بن کاریگەری بڕیارەکانی وەزارەتی خەزانەداری ئامریکا دان.

دوای ڕێککەوتنە ئەتومیەکەی ئێران، کۆمپانیا بازرگانی و بەرهەمهێنەرەکانی ئەوروپایی تایبەت ئەڵمانیا و فەرانسا، ڕوویان لە ئێران کرد و سەرمایەگۆزارییان لە چەندین بەشی وەک نەوت و بەرهەمهێنانی ترۆمبیل کردووە و لە ئێستادا زیاترین ترسیان لە سەر دەرچوونی ئامریکا لە ڕێککەوتنەکە هەیە، گەرچی کۆمپانیا و بانکە ئەوروپیەکان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووش کە ڕێککەوتنەکە کراوە زۆر گرینگیان بە بازاڕی ئێران نەداوە و متمانەیان بە ڕێککەوتنەکە نەبووە و سەرمایەگۆزارییەکی ئەوتۆیان نەکردووەم تەنانەت هەندێک کۆمپانیا وەک ئێرباسی فەرانسی کە بڕیار بوو ١٠٠ دانە فڕۆکەی نەفەر هەڵگر و مسافری بفرۆشێت بە ئێران، تا ئێستا ئەو مامەڵەیە جێبەجێ نەکردووە گەرچی ئێران پارەی فڕۆکەکانی داوە و ئێرانیش لە دوای کشانەوەی ئامریکا، داوای کردووە کە کۆمپانیا ئێرباس وەڵامی ئەوەان بداتەوە کە کاردانەوەیان بەرامبەر بە کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنەکە چیە. وەزارەتی دارایی ئامریکا ڕایگەیاندبوو کە هەردوو کۆمپانیان ئێرباس و بۆئینگ کە بڕیاربوو فرۆکە بفرۆشن بە ئێران، دوای بڕیارەکەی ئامریکا مامەڵەکەیان هەڵدەوەشێننەوە.

سەبارەت بە مامەڵەی کۆمپانیا ئەوروپیەکان لە گەڵ ئێران، وڵاتانی ئەوروپایی تایبەت فەرانسا و ئەڵمانیا، باس لەوە دەکەن کە ناهێڵن سزاکانی سەر ئێران کۆمپانیاکانی ئەوان بگرێتەوە و زیان بە ئابووری وڵاتانی ئەوروپایی بگەیەنێت.

ئێستا ئەوروپا لە نێوان دوو شێتدا دەبێت یاری بکات، کۆماری ئیسلامییەکی شێت کە هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات و درووشمی سڕینەوەی بەرز کردووەتەوە و چەندین مووشەکی ئاراستەی ئەو وڵاتە کردووە کە جێگای نیگەرانی ئەوروپایشە، لە هەمانکاتدا لە هەڵسووکوەت و کاردانەوەیەکی شێتانەی تردا لە پارلەمانی ئێران ئاڵای ئامریکایان سووتاند کە دووبارەکەرەوەی هەوڵە نادیپلۆماتیکی و شێتانەکانی کۆماری ئیسلامیە بەرامبەر بە هەموو داب و نەریتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە کە سووتاندن و داگیرکردنی سفارەتی وڵاتان لە ئێران بوەتە نەریتێکی شێتانە. لە هەمانکاتدا لە گەڵ ئامریکایەک بە سەرکردایەتی ترامپ کە لە هەوڵی ئەوە دایە کە ئامریکا بکاتە هێزی بێڕەکابەری جیهان و گوی بۆ هاوبەشە ئەورووپیەکانی نەدات کە زیاتر لە نیو سەدەیە بە یەکەوە هاوپەیمانن و وڵاتانی ئەوروپایی بکاتە گوێڕایەڵی بڕیارەکانی خۆی و بە وتەی وەزیری فەرانسا، ترامپ دەیەوێت ئامریکا بکاتە پۆلیسی ئابووری جیهان.

پرسیارە گرینگەکە ئەوەیە کە ئەوروپا دەتوانێت لە نێوان ئەم دوو نەیارە دا چی بکات و چۆن بتوانێت هەوسەنگیەکان ڕابگرێت کە لە هەمانکاتدا بتوانێت بازاڕی ئێران بەدەستەوە بگرێت و پاریزەری بەرژەوەندییەکانی بێت و نەهێڵێت سزاکانی ئامریکا کۆماپانیاکانی بگرێتەوە کە دواجار بە زیانی ئابووری وڵاتانی ئەوروپا دەشێتەوە، کۆماری ئیسلامیش ناچار بکات کە مل بدات بۆ هەموار کردنەوەی ڕێککەوتنەکە کە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر وڵاتانی ناوچەکە و تایبەت ئیسرائیل نەمێنێت و چیتر ئێران هەڕەشەی سەر ئاسایشی جیهان نەبێت؟